بەخێربێن بۆ پێنجەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ڕزگاربوانی ئێزیدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە (C4JR)، بە شێوەیەکی بەردەوامە دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بڵاو دەکاتەوە، ئەمەش لە مانگی تەمووزی ٢٠٢٣ەوە بە هەرسێ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و کوردی (کرمانجی و سۆرانی). ئامانجمان لەم هەواڵنامەیە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی دروست و نوێکراوەیە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، لەگەڵ بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا بەشدارن، ئەمەش بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## دوایین هەواڵەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایانگەیاند کە بڕەپارەی قەرەبوو بۆ ١،٥٣٥ ڕزگاربووی دەستی داعش لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا لە مانگی شوباتدا خەرج کراوە، بەمەش تێکڕای سوودمەندان لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەگاتە ١،٦٥١ سوودمەند. لە تێکڕای ئەو کەسانەی بڕەپارەی قەرەبوو لە سایەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا وەر دەگرن، ١،١٧٢ سوودمەندیان لە ئێستادا لە عێراق نیشتەجێن، لە کاتێکدا ٤٧٩ سوودمەندیان لە دەرەوەی عێراقن. لەنێو ئەم سوودمەندانەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا، ٨٤٧ سوودمەندیان ژنان و کچانن (٨١٧ ئێزدی، ١٣ تورکمان، ١٠ شەبەک، ٧ کریستیان)، هەروەها ٧٨٤ کەس لەو ڕزگاربووانە ئەو ئێزدییانەن کە لە کاتی ڕفاندنیاندا منداڵ بوون (٤٣٦ لە ڕەگەزی نێر و ٣٤٨ لە ڕەگەزی مێ)، لەگەڵ ٢٠ کەسیشیان ڕزگاربووی گۆڕە بەکۆمەڵەکانن. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لەو بارەیەوە لە پەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک ببینن: https://facebook.com/profile.php?id=100076062182514.

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کۆمەڵێک سوود لەشێوەی قەرەبوودا لەخۆ دەگرێت، کە دەبەخشێنە هەر کەسێک وەک ڕزگاربوو پەسەند کرابێت. قەرەبووەکانیش بریتین لە: ١) بڕەپارەی قەرەبووی مانگانە، ٢) خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوە، ٣) گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن، ٤) لەپێشبوونی ڕزگاربوو بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ٥) یەکەیەکی نیشتەجێبوون یان پارچەیەک زەوی. بەڕێوەبەرایەتییەکە چالاکانە هەندێک هاوکاری وەک پارەی قەرەبووکردنەوە و ڕەوانەکردنی ڕزگاربووان بۆ ڕێکخراوە ناحکومییە پاڵپشتەکان بە مەبەستی پشتیوانیکردنی ڕزگاربووان لە ڕاهێنانەوەیاندا دابین کردووە، لە هەمان کاتدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە بەردەوامە لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوکارییە ئاڵۆزترەکان تا لە داهاتوودا جێبەجێیان بکات.

**نوێکارییە گرنگەکان**

- بەڕێوەبەرایەتییەکە لەم دواییەدا چەندین هەنگاوی گرنگی گرتووەتە بەر بۆ گەڕان بەدوای ئەو قوربانییانەی دەستی داعش کە چارەنووسیان تا ئێستا بە نادیاریی ماوەتەوە، ئەمەش بە پێی مادەی ٥.٧ ی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە دامەزراندنی لیژنەیەکی ڕاگەیاند کە کاری ئاشکراکردنی چارەنووسی کەسە ونبوو و ڕفێندراوەکانە. فۆرمێکی ئەلەکترۆنی بەردەستە بۆ پێشکەشکردنی داتا لەسەر کەیسی زانراوی کەسانی ڕفێندراو یان ونبوو لەو چوا پێکهاتەیەی وەک شایستەی قەرەبووکردنەوە لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا دانیان پێدا نراوە. کەسەکان دەتوانن وردەکاریی ئەو کەسە ونبوو یان ڕفێندراوانە تۆمار بکەن، لەنێوانیاندا وێنەی فۆتۆگرافی بەردەست یان بەڵگەنامەی پەیوەندیدار تا داخڵی بانکی زانیاریی بەڕێوەبەرایەتییەکە بکرێن. فۆرمە ئەلەکترۆنییەکە لەم بەستەرەی خوارەوەدا بەردەستە: https://sur.spa.gov.iq/
- لە ٢ ی ئازاری ئەمساڵدا، خاتوو سەراب ئەلیاس، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ڕزگاربووان، سەرپەرشتیی گەڕانەوەی ڕزگاربوویەکی ئێزدی کرد کە لە کامپی ئەلهۆل لە سوریا گەڕابووەوە، ئەمەش بە ئامادەبوونی سەرۆکی لیژنەی گەڕان بەدوای ڕفێندراواندا لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران، لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانی لیژنەکە و دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی.
- بەڕێوەبەرایەتییەکە بە هاوکاریی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵی دیاریکردنی شوێنی پاشماوەی کوژراوەکانە لە ناوچەکانی سوریا و گەڕاندنەوەیانە بۆ وڵات، بە گوێرەی ئەوەی لە مادەی ٥.٨ ی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا هاتووە. بەڕێوەبەرایەتییەکە هانی ئەو کەسانە دەدات کە زانیارییان لەسەر شوێنی بەجێماوی ئەو قوربانییانە لە سوریا لەلایە، کە لە ڕێگەی نامەی تایبەتەوە لە پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک پەیوەندییان پێوە بکەن و وردەکاریی وەک ناوی قوربانییەکە و شوێنی زانراویان و ژمارەی تەلەفۆنی خێزانی قوربانییەکە بنێرن. دەتوانن لەم بەستەرەی خوارەوە پەیوەندی بکەن بە پەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک: https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514.

- لە شوباتی ٢٠٢٤دا، بەڕێوەبەرایەتییەکە ٨٦ ڕزگاربووی ڕەوانەی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانە کردووە کە خزمەتگوزارییەکانی پشتگیریی تەندروستیی دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتی دابین دەکەن، ١٠ سوودمەندیش لەو ڕزگاربووانە وەرگرتنی پشتیگیریی پێویستیان تەواو کردووە.

- بەهۆی ڕاگەیاندنی کارتی نیشتمانیی یەکگرتووی نوێ لە عێراق، ناسراو بە کارتی نیشتمانی، کارتی ناسنامەی نیشتمانیی پێشوو کاری پێ ناکرێت، هەر بۆیە بەڕێوەبەرایەتییەکە چاوی کەوت بە د. خالید عەونی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی باری شارستانی و پاسپۆرت ونشینگەی نەینەوا، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ڕێکارەکانی دەرکردنی کارتی نیشتمانی بۆ ڕزگاربووان. ئەو ڕزگاربووانەی لە شەنگال دەژین و لە داتابەیسی بەڕێوەبەرایەتییەکدا تۆمار کراون و خوازیارن داواکاری بۆ دەرکردنی کارتی نیشتمانی پێشکەش بکەن، دەتوانن نامەیەکی پشتگیری لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەوە وەر بگرن تا لەگەڵ فۆرمی داواکارییەکەیاندا هاوپێچی بکەن، ئەمەش لە ڕێگەی سەردانیکردنی نوسینگەی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە شەنگال. بۆ وەرگرتنی وادەی پێشکەشکردنی داواکاری لە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کارتی نیشتمانی، سەردانی ئەم بەستەرە بکەن: https://www.nid-moi.gov.iq/index.php?name=Pages&op=page&pid=104.

- لە ١ی ئازاری ئەمساڵدا هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بڵاو کردەوە لەژێر ناونیشانی "زیاتر لە مەرەکەبی سەر کاغەز: هەڵسەنگاندن لە دوای سێ ساڵ لە پەیڕەوکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی" ڕاپۆرتەکە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ دۆخی ئێستای جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوە، کە لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا بەڵێن دراوە، هەروەها دواین زانیاری لەخۆ دەگرێت لەسەر: پرۆسەی پشتڕاستکردنەوە و تێهەڵچوونەوە، ئاماری داواکارییەکان، لەگەڵ توانای کارگێڕیی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان، بە تیشکخستنەسەر ئەو ئاستەنگانەی ڕێگرن لەبەردەم گەیاندنی قەرەبووەکان بە شێوەیەک کە هۆشیاریی بەرانبەر زەبری دەروونی نیشان بدات و چەقی بایەخی ڕزگاربووان بێت. دەتوانن لێرەوە ڕاپۆرتەکە بە PDF دابگرن:https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/03/C4JR-Report-2024-Three-Years-After-YSL-1.pdf.

یان لێرەوە بە E-reader بیخوێننەوە:https://jiyan.org/wp-content/uploads/2024/03/C4JR-Report-2024-Three-Years-After-YSL.epub.

- لە ٢٦ی شوباتی ئەمساڵدا، سندووقی جیهانیی ڕزگاربووان (GSF) لەگەڵ ڕێکخراوی هاوبەشیان دەستپێشخەریی نادیا، پەردەیان لەسەر مۆنۆمێنتێک لە پارکی ڕۆژهەڵات لە شارۆچکەی شەنگال لابرد وەک بەشێک لە پڕۆژکەی سندووقی جیهانیی ڕزگاربووان بۆ ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوەی کاتی. مۆنۆمێنتەکە، کە لەلایەن ڕزگاربووان و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووانەوە، خاتوو سەراب ئەلیاس، پەردەی لەسەر لا درا، نەهامەتییەکانی ڕزگاربووان و ئەو ئازایەتییەی نیشانیان داوە بەرجەستە دەکات، هەروەها وەک بیرخستنەوەیەیەکیشە بۆ ئەو چەندین ژنە ئێزدییەی هێشتا لە دیلێتیدان.

ئەم بۆنەیە کۆتایی پڕۆژەکەی سندووقی نێودەوڵەتیی ڕزگاربووان بۆ ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوەی کاتی بوو لە عێراق ، کە پڕۆژەیەک بوو گەیشتە ١٠٤٠ ڕزگاربووی توندوتیژیی سێکسی پەیوەست بە ململانێ لە دهۆک و شەنگال. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو بۆنەیە بڕواننە ئەم بەستەرە: https://www.globalsurvivorsfund.org/latest/articles/healing-is-a-collective-act-for-yazidis-iraq/.



ڕێوشوێنی قەرەبووکردنەوەی کاتیی بەکۆمەڵی تایبت بە سندووقی جیهانیی ڕزگاربووان لە شەنگال، مۆنۆمێنتێک بۆهەموو ئەو ژنانەی بوونەتە قوربانیی دیلێتیی دەستی داعش. وێنەکە لەلایەن: دڵخواز حاجی، ڕاوێژکاری تەکنیکیی سندووقی جیهانیی ڕزگاربووان لە عێراق

- زنجیرە پۆدکاستەکانی C4JR بە ناونیشانی "زیاتر لە مەرەکەبی سەر کاغەز: جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی" دوایین ئەڵقەی خۆی بڵاو کردەوە کە گفتوگۆیە لەگەڵ بەڕێز سائیب خدر، پارێزەر و سیاسییەکی عێراقی و ئەندامپەرلەمانی پێشوو، کە ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕا لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا. لەم بەستەرەوە گوێ لە ئەڵقەکە بگرن بە زمانی عەرەبی، https://c4jr.org/podcast،، یان تەواوی دەقی گفتوگۆکە لەم بەستەرەوە بخوێننەوە بە ئینگلیزی: https://c4jr.org/0103202428409.

- گرووپی کاری بەشداریکردنی ئیتیکیی تایبەت بە C4JR لە ئێستادا کار دەکات لەسەر فراوانکردنی لیستی ڕێنماییە ناوخۆییەکان بۆ ڕاگەیاندنەکان سەبارەت بە مامەڵەی ئیتیکیی لەگەڵ ڕزگاربووواندا و

ئامادەکردنی لیستێکیش بۆ بەشداریکردنی ڕاگەیاندنەکان، هەروەها گرووپەکە کار دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییانە. یەکەم ڕاوێژ لەگەڵ ڕزگاربووانda لە دهۆک لە ١٥ ی ئازاری ئەمساڵدا بەڕێوە چوو، بە مەبەستی بیستنی ئەزموونەکانی ڕزگاربووان لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان و پێشبینییەکانیان بۆ مامەڵەی ئێتیکی لە داهاتوودا.

## هەواڵەکان بۆ لێپرسینەوە

- لە ١٥ ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا، ڕاپۆرتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێنماییەکانی سەبارەت بە هاوبەشکردنی ئەو بەڵگەنامانەی لەلایەن یونیتادەوە کۆکراونەتەوە خستە ڕوو، ئەمەش بە گوێرەی بڕیاری ژمارە ٢٦٩٧ی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (ساڵی ٢٠٢٣). ڕاپۆرتەکە ڕوونی کردەوە دەتوانێت چی لەگەڵ عێراقدا هاوبەش بکات و کەی، هەروەها دیاری کردووە کە پێویستە عێراق پابەند بێت بەو داواکارییانەی لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و باشترین پراکتیزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا داڕێژراون و سیستەمێکی ناوخۆیی دابنێت بۆ مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ ئەو جۆرە بەڵگانەدا. پێش هاوبەشپێکردنی بەڵگەکان، پێویستە یونیتاد ڕەزامەندیی ئاشکرای ئەو کەسانە وەر بگرێت کە زانیارییەکانیان داوە. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای خەزێنەی تایبەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەڵگەنامەکان دەکات بۆ دڵنیابوونەوە لە بەکارهێنانێکی کاریگەری بەڵگەکەکان لە عێراق و شوێنانی دیکە. دەتوانن لەم بەستەرەوە ڕاپۆرتەکە بخوێننەوە: https://digitallibrary.un.org/record/4034240?v=pdf. C4JR خۆشحاڵ بوو کە بینی گەلێک لە نیگەرانییەکانمان لەو ڕاپۆرتەدا باس کراون، وەک لێرەدا ڕوون کراوەتەوە: https://c4jr.org/2101202428341.
- لە ١٢ ی ئازاری ئەمساڵدا، C4JR ڕاپۆرتێکی نوێی دەربارەی داواکاریی عێراق بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکی یونیتاد بڵاو کردەوە بە ناونیشانی "هەڵوێستی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراق و تۆڕەکانی ڕزگاربووان لەسەر داواکارییەکەی عێراق بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکەکەی یونیتاد لە ئەیلوولی ٢٠٢٤دا" ڕاپۆرتەکە نیگەرانی و پێشنیارەکانی ڕێکخراوە عێراقی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تۆڕەکانی ڕزگاربووان ڕوون دەکاتەوە بەرانبەر ئەو داواکارییەی لەم دواییەدا عێراق پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد سەبارەت بە نوێنەکردنەوەی ئەرکەکەی یونیتاد، هەروەها ڕاپۆرتەکە جەختیش دەکاتە سەر گرنگیی دادپەروەریی و لێپرسینەوە بۆ قوربانییان و کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکان. ڕاپۆرتەکە و پوختەی ڕاپۆرتەکە لەم بەستەرەی خوارەوەدا بەردەستن:

لێرەوە ڕاپۆرتەکە دابەزێنە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/03/C4JR-report_ENG.pdf.

پوختەی ڕاپۆرتەکە لێرەوە دابەزێنە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/03/C4JR-summary_ENG.pdf.

- لە ١٥ ی ئازاری ئەمساڵدا، یونیتاد ڕاپۆرتێکی پێشکەشی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە تێیدا بە وردی باسی بەرەوپێشچوونی تەواوکردنی ئەرکەکەی کردبوو. ڕاپۆرتەکە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە هەندێک ئەرک ماون لە عێراق، وەک داڕشتنی چوارچێوەی یاسایی گونجاو، ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە، بەڕێوەبردنی بەڵگەکان، هەروەها بنیاتنانی تواناکان، لەگەڵ ئەرکی دیکەدا. ئەم هەوڵانە زۆر گرنگن بۆ دڵنیابوون لەوەی بەڵگە کۆکراوەکان بە تەواوی سوودیان لێ دەبینرێت. یونیتاد دڵنیایی دا کە تا کۆتایی ئەرکەکەی بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتدارانی عێراق. لەگەڵ ئەمەشدا، جەختی لەوە کردووە کە "کۆتاییهێنان بە ئەرکەکەی لە ١٧ ی ئەیلوولی ٢٠٢٤دا لەگەڵ تەواوکردنی ئەرکەکەدا هەمان شت نین". ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کۆتاییهێنان بە ئەرکەکە لە ٢٠٢٤دا ڕێگە نادات بە شێوەیەکی گونجاو بەڵگەنامە و ئەزموونەکان سوودیان لێ ببینرێت، هەروەها ئامادەیی عێراق بۆ وەرگرتنی بەڵگەکان و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی کاریگەر مسۆگەر ناکات. تیمەکەی یونیتاد مەبەستیەتی داواکارییەکان بۆ تەواوکردنی ئەرکەکە ڕوون بکاتەوە، هەروەها دەستکەوتە ئەگەرییەکان لە ماوەی مودا مامناوەندیدا دەخاتە ڕوو، کە ئەمەش بەندە بە درێژکردنەوەی گریمانەیی ئەرکەکەی تا ١٧ ی ئەیلوولی ٢٠٢٥. ڕاپۆرتەکە لە ڕێگەی ئەلکترۆنی یونیتاد لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا بەردەست دەبێت: https://www.unitad.un.org/.
- لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک کە بە سەرۆکایەتی نووسینگەی داواکاری گشتی لە پورتوگال بەڕێوە برا و بە هاوکاریی نزیک لەگەڵ دادوەر ڕائید موسلیح، سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدراڵیی نەینەوا، دوو ئەندامی داعش بە تاوانی نێودەوڵەتی کە لە عێراق ئەنجامیان داوە، سزا دران. یونیتاد ئاسانکاری کرد بۆ وەرگرتنی لێدوانەکانی شایەتحاڵان لە ڕێگەی کۆنفرانسی ڤیدیۆییەوە لەبەردەم دادوەر و داواکاری گشتی و پارێزەرانی بەرگریی پورتوگالییەکان. دادوەر ڕائید موسلیح ئاسانکاری بۆ شایەتحاڵانی بەرگری کرد، کە لە دەرەوەی عێراق بوون، تا لە کاتی دانیشتنەکاندا لە دادگاکەی خۆی لە موسڵەوە لێدوان بدەن، ئەمەش یەکەمجارە دەسەڵاتی دادوەریی عێراق لە ڕێگەی کۆنفرانسی ڤیدیۆییەوە لێدوانی شایەتحاڵان لە دوورەوە ڕێک بخات. ئەمەش پێشهاتێکی ئومێدبەخشە و بە پێشینەیەک دادەنرێت بۆ بەکارهێنانی کۆنفرانسی ڤیدیۆیی بۆ داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە دەرەوەی عێراق.
- لە مانگی شوباتدا بەڕێوەبەری گشتی خاتوو سەراب ئەلیاس لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی میواندارییی دادوەر ڕائید موسلیحی کرد بۆ تاوتوێکردنی پرسەکانی پەیوەست بە دۆسێکانی ڕزگاربووانی دەستی داعش. بەڕێوەبەری گشتی گرنگیی پێدانی لێدوان لەبەردەم دەسەڵاتی دادوەرییدا و خستنەڕووی بەڵگەکان لەسەر ئەنجامدەرانی تاوانەکان بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەریی بۆ ڕزگاربووان ڕوون کردەوە. جگە لەوەش، بەڕێوەبەری گشتی جەختی کرد لە پێویستیی ئاسانکاریکردن لەو ڕێکارانەدا کە پێویستە ڕزگاربووان پەیڕەویان بکەن بۆ بەدەستهێنانی پەراوی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری، کە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی داواکراوە.

- ئەنجوومەنی ڕزگاربووانی C4JR بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا داوای دادپەروەری دەکات بەو شێوەیەی لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا هاتووە، ئەمەش دوای پەخشکردنی چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی، کە لەگەڵ هاوسەری بەغدادی سەرکردەی پێشووی داعشدا ئەنجام درابوو. لە ڕاگەیەندراوەکەدا داوا لە سەرجەم دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و دادوەری و ئەو لیژنە نێودەوڵەتییانە دەکات کە پەیوەندییان بە لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەوە هەیە، ڕێوشوێنی گونجاو و فەرمی بگرنەبەر بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری. لێرەدا دەقی بەیاننامەکە بخوێنەرەوە:https://c4jr.org/040320242847٦.

## ئاستەنگەکان

هەر هەواڵنامەیەک تیشک دەخاتە سەر ئاستەنگێک یان زیاتر لەو ئاستەنگانەی لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا دێنە بەردەم ڕزگاربووان یان لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە. لەم ژمارە نوێیەدا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستانگانەی ڕووبەڕووی قوربانییانی دەرەوەی عێراق دەبنەوە. هەرچەندە لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٣ەوە سیستمێکی پێشکەشکردنی ئۆنلاین بەردەستە (لەم بەستەرە) بۆ ئەو ڕزگاربووە ئێزدییانەی لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن، چەندین ئاستەنگ هەن کە ڕێگە دەگرن لەوەی پێشکەشکارانی دەرەوەی وڵات مەرجەکانی پێشکەشکردن بیانگرێتەوە و بەسەرکەوتوویی داواکاریی بە ئامانجی سوودمەندبوون لە قەرەبووکردنەوەکان پێشکەش بکەن.

ئەو ڕزگاربووانەی لە دەرەوەی وڵاتن و لەلایەن C4JR وە کاریان بۆ کراوە و ئێستا لە ئەڵمانیان، لەلایەن پرۆگرامی وەرگرتنی مرۆیی بادن-ڤورتێمبێرگ (**HAP**)ەوە هێنرانە وڵاتەکە. ئەم پرۆگرامە هێنانی ١١٠٠ ڕزگابووی جێبەجێ کرد کە زۆربەیان ژن و منداڵی ئێزدی بوون. لە سەرەتای جێبەجێکردنی پرۆگرامی ناوبراوەوە لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠١٥ەوە، وڵاتانی کەنەدا و ئوستراليا پرۆگرامی هاوشێوەیان جێبەجێ کردووە بۆ نیشتەجێکردنەوەی ڕزگاربووان. C4JR ڕاوێژکاری لەگەڵ ئەو ڕزگاربووانە کرد کە بەشداربوون لە پرۆگرامی نیشتەجێکردنی مرۆیی ئوستراليا، هەروەها پرۆگرامی نیشتەجێکردنی کۆچبەران، پەنابەران و هاوڵاتیبوونی کەنەدای وڵاتی کەنەدا، بۆ تێگەیشتن لەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم ئەو کەسانە وەک ڕزگاربووانی دەرەوەی عێراق داوای مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە دەکەن. هەرچەند هەندێک لە ئاستەنگەکان تایبەتن بەو وڵاتەی ڕزگاربووانی لێ نیشتەجێن، بەڵام زۆر ئاستەنگی تریش هەن کە دووچاری هەموو ئە ڕزگاربووانە دەبنەوە کە لە دەرەوەی عێراق نیشتەجین.

**"نازانین چۆن داواکاری پێشکەش بکەین یان کێ دەتوانێت یارمەتیمان بدات. ناوی هیچ ڕێکخراوێکی ناو ئەڵمانیا یان دەرەوەی عێراقم نەبیستووە کە بتوانن یارمەتیمان بدەن."**

### ڕزگاربوویەکی ئێزدی لە ئەڵمانیا

ئەو ڕزگاربووانەی لە دەرەوەی عێراق نیشتەجێن. تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە زانیاریی پێویستیان لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ قەرەبووکردنەوەیان. سەرەڕای هەوڵەکانی ڕێکخراوەکانی وەک ڕێکخراوی جیهانیی فەریدە (FGO) بۆ پڕکردنەوەی چالاکانەی بۆشاییەکانی زانیاری لەڕێی هەندێک دەستپێشخەریی وەک درووستکردنی پەیامی ڤیدیۆیی تایبەت بۆ ڕزگاربووانی ناو ئەڵمانیا، هەروەها سەرەڕای ئەو کۆبوونەوەیانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکە و ڕێکخراوی جیهانیی فەریدە-وە بە پاڵپشتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لەگەڵ ڕزگاربووان لە ئەڵمانیا لە شوباتی ٢٠٢٣ ڕێک خران، هێشتا ئەو ڕزگاربووانەی لەلایەن C4JR وە ڕاوێژیان لەگەڵدا کراوە بەردەوامن لە دەربڕینی ئەوەی کە هێشتا هەست بە هەبوونی پشتگیرییەکی تەواو ناکەن سەبارەت بە پێشکەشکردنی داواکارییەکانیان بۆ قەرەبووکردنەوە. ڕزگاربوویەک کە لە ئوستراليا قسەی لەگەڵ کرابوو باسی چەندین ئاستەنگی جدیی کرد کە ڕووبەڕووی بووەتەوە کاتێک هەوڵی داوە پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرایەتییەکەوە بکات و وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانی نەدراوەتەوە. هەوڵی زیاتری گەیاندنی زانیاری پێویستە بۆ پێدانی زانیاری بە تایبەتی بۆ نەهێشتنی ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات دەبنەوە، بە تایبەتی سەبارەت بەوەی کە چۆن ئەم کەسانەی دەیانەوێت داواکاری پێشکەش بکەن دەتوانن ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە پەیوەستن بە نەبوونی بەڵگەنامە پێویستەکانی پێشکەشکردنەوە. چەند ڕزگاربوویەکی دیکە کە هەر لە ئوستراليا وتووێژیان لەگەڵ کرابوو ئاگاداری هیچ هەوڵێک نەبوون کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە درابێت بۆ پێدانی زانیاری لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردن بۆ قەرەبووکردنەوە لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا. لە ئەنجامی ئەمانەدا، ڕزگاربووان لە ئوستراليا تێگەیشتنێکی ڕوونیان لەسەر پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ قەرەبووکردنەوە نییە.

زۆرێک لەو ڕزگاربووانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە، جەختیان کردەوە لەوەی کاتێک لە دەرەوەی وڵات دەژین، ناتوانن ئەو بەڵگەنامە پێویستانە بەدەست بهێنن کە پێویستن بۆ تەواوکردنی داواکارییەکەیان. ئەوانەی لە چوارچێوەی یاسای ڕزگابووانی ئێزدیدا داوای قەرەبووکردنەوە دەکەن دەبێت دوو بەڵگەنامەی پێویست لەگەڵ داواکارییەکەیان پێشکەش بکەن: ناسنامەیەک کە لەلایەن حکومەتەوە دەرچووبێت، هەروەها بەڵگەنامەیەک کە بیسەلمێنێت داواکار لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی لە دژی داعش دەست پێ کردووە. ڕزگاربووان لە دەرەوەی وڵات تیشکیان خستەسەر ئەم ئاستەنگە و باسی ئەوەیان کرد یان ناسنامەکەیان بەسەرچووە یان نەماوە، ئێستاش هیچ ئامرازێکیان لەبەردەستدا نییە بۆ نوێکردنەوەیان یان دەستگەیشتنیان بە کارتی نیشتمانییەکەیان لە شوێنی ئێستایانەوە. دەرهێنانی کارتی نیشتمانی پێویستیی بەوەیە داواکار سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کارتی نیشتیمانی لە عێراق بکات بۆ سەلماندنی ئامادەبوونی خۆی و وەرگرتنی بایۆمێتری لێی و دوای ئەوە دەتوانرێت بریکارێک دیاری بکرێت بۆ تەواوکردنی پرۆسەکە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ڕێکخراوی جیهانیی فەریدە، لەڕێی نامەیەکی فەرمییەوە، هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتییەکەی کردووە لە کۆکردنەوەی لیستی ناوەکان و ئەو بەڵگەنامە ونبووانەی بەفەرمی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتییەکە کراون. لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣دا، بەڕێوەبەرایەتییەکە پێکهێنانی لیژنەیەکی دیاریکراوی ڕاگەیاند کە ئەرکی وەرگرتنی داتایە لەسەر بەڵگەنامە ونبووەکان و هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دەرکردنی بەڵگەنامەی ناسنامە و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پێداویستییە تایبەتەکانی ڕزگاربووانی دەرەوەی عێراق. C4JR پێشنیار دەکات کە ئەم لیژنەیە زیاتر هەوڵی گەیاندنی زانیاری بە ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات بدات و هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکانی عێراق بکات لەو وڵاتانەی کە ڕزگاربووان تێیاندا نیشتەجێن، ئەمەش بە ئامانجی ئاسانکاریکردن لە بابەتی ئامادەبوونی ڕزگاربووان و پرۆسەکانی بایۆمێتری و ڕێکخستنی ڕێکارەکانی داواکارکردنی ناسنامە.

بۆ جێبەجێکردنی مەرجی دووەمی داواکاری بۆ قەرەبووکردنەوە لەڕێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە، داواکاران پێویستیان بە بەڵگەنامەیەک هەیە کە بیسەلمێنێت ئەو کەسانە لێکۆڵینەوەی تاوانکارییان لە دژی داعش دەست پێ کردووە. لە ئێستادا، ئەوانەی لەڕێی ئەو یاسایەوە داواکارییان پێشکەش کردووە تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانن ئەم مەرجە جێبەجێ بکەن کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی لە دادگای فیدراڵ لێدوان بدەن و بەڵگەنامەی لێکۆڵینەوەی پێویست بەدەست بهێنن. بەکارهێنانی کۆنفرانسی ڤیدیۆیی بۆ وەرگرتنی لێدوانی شایەتەکان بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری، کە لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٢٣دا دەرچووە، ڕێگەپێدراوە. لەو کاتەوە، دادگای تێهەڵچوونەوە-ی موسڵ کۆنفرانسی ڤیدیۆیی بەکار دەهێنێت بۆ ئاسانکاریکردن لە وەرگرتنی لێدوانی شایەتەکاندا، ئەمەش دەتوانێت سەرەتایەکی باش بێت و چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت لە داهاتوودا ئاسانکاری بۆ ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات بکات بۆ پێدانی لێدوان بە دادگاکانی لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی پەیوەندیدارن بە بەڵگەکانەوە و دواجاریش بەدەستهێنانی پەڕاوی لێکۆڵینەوە.

ئەو ڕزگاربووانەی بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ عێراق بۆ تەواوکردنی پێوەرەکانی شایستەبوونی ناو داواکارییەکەیان تووشی کێشەی دارایی قورس و گرفتی تایبەت بە کات و کێشەی پەیوەندیدار بە چاودێریکردنی منداڵەکانیانەوە دەبن. تێچووی گەشتکردن بۆ ئەو کەسانەی لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا لە وڵاتانی وەک کەنەدا و ئوسترالیاوە داواکارییان بۆ قەرەبووکردنەوەیان پێشکەش کردووە زۆر بەرزە. ئەو ڕاوێژەی لەگەڵ ڕزگاربووانی شاری تووومبای ویلایەتی کوینزلاند لە ئوسترالیا، کە زۆرترین ژمارەی ئێزدیانی لێیە، ئەنجام درا، بەتایبەتی تیشکیان خستە سەر ئەو بارگرانییە داراییە زۆرەی بەهۆی گەڕانەوە بۆ عێراقەوە دەکەوێتە سەریان و دەگاتە ٣ هەزار دۆلاری ئوسترالی. ڕزگاربووانی کەنەدا و ئەڵمانیاش ئاماژەیان بە ئاستەنگە داراییەکان کردووە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی ڕزگاربووان هێشتا قەرەبوویان وەرنەگرتووە و زۆربەیان لە ساڵانی سەرەتای ژیانیاندا لە وڵاتە نوێیەکانیان پشت بە پشتیوانیی دارایی دەوڵەت دەبەستن، ئەم تێچووە زۆرانە ڕێگە نادەن ئەو کەسانە دەستیان بگات بە مافی قەرەبووکردنەوەیان. سەرەڕای ئەمانەش، ئەو ڕزگاربووانەی تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوەیە، پێویستییان بە سەرپەرشتیارێک هەیە تا لە کاتی گەشتکردن و جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە یاساییەکاندا لەگەڵیان بێت، ئەمەش بارگرانییەکی دارایی زیاتر دەخاتە سەر ئەندامانی خێزانەکە.

**"لەبەرئەوەی تەمەنم لەخوار تەمەنی یاساییەوەیە و بێ دایک و باوکم، کەسێکم نییە لە عێراق لە پێشکەشکردنی داواکارییەکەمدا یارمەتیم بدات. پرۆسەکە زۆر ئاڵۆزە و کاتی دەوێت؛ لە کۆتاییشدا، لەوانەیە وەرنەگیرێم."**

ڕزگاربوویەکی ئێزدی لە ئوسترالیا

ئەو ڕزگاربووانەی لە ئەڵمانیان و بەشێکن لە پرۆگرامی HAP، ئازادیی هاتووچۆی بێسنووریان هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق. ئەمە جیاوازە لە پرۆسەی پەنابەری، کە تێیدا پەنابەران "پاسپۆرتێکی شین"یان پێ دەدرێت و وەرگرتنی پاسپۆرتی عێراقی یان گەشتکردنیان بۆ عێراق لێ قەدەغە دەکرێت. ئەو کەسانە مەترسیی ئەوەیان دەکەوێتەسەر کە "دۆخی پارێزراویی"یان لەدەست بدەن و مافی نیشتەجێبوونیان لە ئەڵمانیا لێ بسەندرێتەوە ئەگەر ئەم ڕێسا و سنوورانە پێشێل بکەن. ئەو ڕزگاربووانەی کە لە پرۆگرامی HAP دەرچوون بە ئامانجی داواکردنی مافی پەنابەری ئێستا لە گەڕانەوەیاندا بۆ عێراق تووشی ئاستەنگ بوون، چونکە تا ڕەگەزنامەی ئەڵمانی و بەڵگەنامەی گەشتکردن بەدەست نەهێنن ناتوانن بگەڕێنەوە. بۆ ئەوانەی لە پرۆگرامەکەدا ماونەتەوە، بەشێک لە ڕزگاربووان باسیان لەوە کردووە کە پاسپۆرتە عێراقییەکانیان بەسەرچووە و دەکرێت پرۆسەی نوێکردنەوەشی ساڵێک بخایەنێت. C4JR پێشنیار دەکات نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکانی عێراق هەوڵ بدەن ئاسانکاری بکەن بۆ خێراکردنی پرۆسەی نوێکردنەوەی پاسپۆرتەکان، بەمەش دڵنیا ببنەوە لەوەی کە ئەوانەی داواکاری بۆ قەرەبووکردنەوە پێشکەش دەکەن و لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن، بتوانن ئازادیی هاتوچۆ بەدەست بهێنن.

**"خۆزگە کەسێک دەبوو یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی کارەکانمان ئاسانتر بڕۆن، دۆسێی داواکارییەکانمان تەواو بکەن و بیگەیەنینە بەڕێوەبەرایەتییەکە، بۆ ئەوەی لەبیر نەکرێین و بێبەش نەبین لە قەرەبووەکان. دەزانین دەبێت بێین بۆ عێراق بەڵام ئەگەر کەسێک لێرە [لە ئەڵمانیا] هەبوایە، کارەکەمان ئاسانتر دەبوو."**

ڕزگاربوویەکی ئێزدی لە ئەڵمانیا

جیاوازیکردن لە نێوان ڕزگاربووواندا لەسەر بنەمای شوێنی ئێستایان پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤە، ئەمەش لە بنەما و ڕێنماییە بنەڕەتییەکانی مافی چارەسەرکردن و قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی پێشێلکارییە گەورەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و پێشێلکارییە قورسەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا هاتووە. یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا وەک پێوەرێکی شایستەبوون بۆ ڕزگاربووان ناسەپێنێت کاتێک ڕزگاربووان دەیانەوێت دەستیان بگات بە ڕێوشوێنی دیاریکراوی قەرەبووکردنەوە، هەرچەندە دەستڕاگەیشتن بە کارکردن و خوێندن لە عێراق پێویستی بە ئامادەبوونی ئەوانە لە وڵاتەکەدا. ڕوونکردنەوەی زیاتر پێویستە سەبارەت بە کاریگەرییە یاساییە تایبەتەکانی وەرگرتنی قەرەبووکردنەوە، لەوانەش پابەندبوون بە ئەگەرەکانی باجدان و کاریگەرییەکانی لەسەر شایستەبوونی ڕزگاربووان بۆ سوودمەندبوون لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لەو وڵاتەدا کە لێی نیشتەجێن. ڕێکخراوی جیهانیی فەریدە، لەو ڕاپۆرتەیاندا کە تایبەتە بە ڕێنماییەکانی پێشکەشکردنی داواکاریی قەرەبووکردنەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو بڕەپارەیەی وەک قەرەبوو وەردەگیرێت نابێت باجی بچێتەسەر، ئەمەش وەک کارێکی دادپەروەرانە. سەرەڕای ئەوەش، حکومەتە میواندارەکان لە ئەڵمانیا و شوێنەکانی دیکە هێشتا دانیان بەم بابەتەدا نەناوە و چارەسەریان نەکردووە ئەوەش یان بە دەرکردنی یاسایەک بۆ ئەم مەبەستە یان بە شێوەیەکی تر. بەبێ زانیاریی تەواو لەسەر ئەم ئاڵۆزی و ئاستەنگانە، ڕەنگە ڕزگاربووان، بەهۆی نیگەرانییان لە لەدەستدانی ئەو خزمەتگوزارییانەی لەلایەن حکومەتەوە پێیان دەدرێت، لە بەدواداچوونی مافی قەرەبووکردنەوەیان دەست هەڵبگرن.

ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی ڕزگاربووانی دەرەوەی عێراق دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتن بە قەرەبووکردنەوە لە ڕێگەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە، جەخت لەسەر پێویستیی هەبوونی پشتیوانیی ئامانجداری بەپەلە و هەماهەنگی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەنەوە. هەوڵی هاوبەشی نێوان بەڕێوەبەرایەتی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و لایەنە پەیوەندیدارە دیپلۆماسییەکان پێویستە بۆ تێپەڕاندنی ئەو ئاستەنگانەی بوونەتە ڕێگر لەوەی ڕزگاربووانی دەرەوەی عێراق لەڕێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە دەستیان بگات بەو قەرەبووانەی شایەنیانن.

# هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
# ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمانن و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=6ARuIcl4gYU&ab_channel=IOMIRAQ .
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیایی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=QfoDfQWwErE&ab_channel=IOMIRAQ

دەتوانیت بە تەنیا داواکاری خۆت پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

. دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە بێت:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

## بابەتەکانی داهاتووی هەواڵنامەکە

ئەندامانی گرووپی کاری C4JR بۆ داکۆکیکردن، ڕاوێژکارییەکیان تەواو کرد بۆ دەستنیشانکردنی پێویستی و داواکارییە سەرەکییەکانی ئەو ڕزگاربووانەی کاریان لەگەڵدا دەکەن، ئەمەش دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ١٠ ساڵ بەسەر دەستپێکی ململانێ لەگەڵ داعشدا. لە کاتێکدا نزیک دەبینەوە لە دەیەمین ساڵیادی ٣ی ئابدا، ئەندامەکان کار دەکەن لەسەر هەڵمەتێکی هاوبەش لە سەرتاسەری C4JR و تێیدا تیشک دەخەنە سەر هەندێک لەو پرسانەی لە ڕاپرسییەکەدا ورووژێندران. ئامانجی گرووپەکە ئەوەیە بایەخی سەرەکیی هەڵمەتەکە ڕزگاربووان بن و دەنگ و پێداویستییەکانیان پێش بخەن، لە هەمان کاتیشدا ڕێکخراوە ناحکومییە ئەندامەکان وەک کەناڵێک بۆ جەماوەرێکی فراوانتر خزمەت دەکەن. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR بەنیازە ڕاپۆرتێک لەسەر دۆزینەوەکانمان بڵاو بکاتەوە، کە تێیدا دۆخی ئەمڕۆ و پێداویستییە هەڵپەسێردراوەکان بخاتە ڕوو. لە هەواڵنامەی داهاتوودا، هەندێک لە ئەنجامەکانی ڕاوێژکارییەکان لەگەڵ کۆمەڵێکی بەرفراوانی ڕزگاربووان بڵاو دەکەینەوە.

# ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) بناسە:

لە هەر هەواڵنامەیەکدا، تیشک دەخەینە سەر کارەکانی دوو ڕێکخراوی ئەندامی هاوپەیمانییەکە، کە کاری پەیوەست بە یاسا ی ڕزگاربووانی ئێزدی ئەنجام دەدەن. هەروەها زانیاریی پێویست لەسەر شوێن و چۆنێتی پەیوەندیکردن پێیانەوە دەخەینە ڕوو.

## ڕێکخراوی جیهانێکی باشتر بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە

ڕێکخراوی جیهانێکی باشتر بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە کار دەکات بۆ دابینکردنی پشتگیریی گشتگیر بۆ ڕزگاربووان لە دهۆک و پارێزگای نەینەوا لە ڕێگەی دابینکردنی:

- خزمەتگوزارییەکانی پشتگیریی تەندروستیی دەروونی و دەروونی کۆمەڵایەتی لە کەمپی کەبەرتۆ؛
- پرۆگرامەکانی بنیاتنانی تواناکان کە بەتایبەت ئامادە کراون بۆ پێویستییەکانی ڕزگاربووان و ئامانج لێیان یارمەتیدانی چاکبوونەوە و خۆڕاگرییانە؛
- پشتگیریکردنی تۆڕەکانی ڕزگاربووان لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ڕاوێژەوە، بە تایبەت لە ڕێگەی لە نزیکەوە کارکردن لەگەڵ تۆڕی دەنگی ڕزگاربوواندا بۆ یارمەتیدانیان لە بنیاتنانی تواناکاندا

ڕزگاربووان دەتوانن لە ڕێی ئەم خاڵی پەیوەندییە سەرەکییانەی ڕێکخراوەکەوە پەیوەندیی بە ڕێکخراوی جیهانێکی باشترەوە بکەن

- وەلاء: walaa@betterworldngo.org یان +964 750 755 3069
- کەوسەر: kawther@betterworldngo.org یان +964 751 484 9342

## گوڵی لۆتوس

ڕێکخراوی گوڵی لۆتوس کار دەکات بۆ تواناداان بە ژنان و کچانی بەرشکست و دابینکردنی دەرفەت بۆ فێبوونیان و کەرەستەی پێویست بۆ سەربەخۆیی داراییان لە دهۆک و پارێزگای نەینەوا لە ڕێگەی دابینکردنی :

- کردنەوەی سەنتەرێکی ژنان لە کەمپەکانی ئیسیان و ڕوانگە، هەروەها دابینکردنی پانتایی کۆمەڵایەتیی پارێزراو بۆ ژنان و کچانی بەرشکست لە کەمپەکانی ئیسیان و ڕوانگە، لەگەڵ ناوچەی دیکەی دەرەوەی کەمپەکان لە خانکێ، شاریا، سێجێ، لەگەڵ دێرەبون؛
- پێشکەشکردنی ڕاهێنانی بژێوی ژیان، خولی زمان، ڕاهێنانی کۆمپیوتەر، پاڵپشتی تەندروستیی دەروونی، لەشجوانی، هەروەها ڕاهێنانی تەندروستی، لە شوێنەکانی بەعشیقە و بەرتڵە و ئەلحەمدانیە و هەروەها کەمپەکانی ئیسیان و ڕوانگە و شوێنەکانی دەرەوەی کەمپ لە خانکێ، شاریا، سێجێ، لەگەڵ دێرەبون؛
- تیمە تایبەتمەندەکان بۆ پشتگیریکردنی ڕاوێژکاری تاکەکەسی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی و ڕەوانەکردن لە ناوەندەکانی کەمپەکانی ئیسیان و ڕوانگە، لەگەڵ ناوچەکانی دەرەوەی کەمپەکان لە خانکێ، شاریا، سێجێ، لەگەڵ دێرەبون.

ڕزگاربووان دەتوانن پەیوەندیی بە ڕێکخراوی گوڵی لۆتوسەوە بکەن بۆ خزمەتگوزارییە بەردەستەکانیان لەم ژمارانەی خوارەوە:

- بۆ ناوچەی کەمپەکان (ئیسیان و ڕوانگە): +964 750 849 7049
- بۆ ناوچەکانی دەرەوەی کەمپەکان (خانکێ، شاریا، سێجێ، دێرەبون، بەعشیقە، بەرتڵە، لەگەڵ ئەلحەمدانییە): +964 751 173 8385





## دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٣ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو، هەروەها بۆ بەشدارپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەرەکەمان بکە: org.c4jr.www

@C4JRorg

C4JR updates
WhatsApp group

ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ئەو پشتگیرییەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەش کراوە، بەپێی مەرجەکانی حکومەتی هۆڵەندا. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بن.